Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.20711

# بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی نوێدا

**مستەفا ڕەزا مستەفا**

بەشی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو

***Article Info***

Received: January, 2020

Revised:February,2020

Accepted: February ,2020

***Keywords***

بەبەرهەمیی، ئامار، بەربەرهەمیی ڕەگی کردار، وشەی لێکدراو و دارێژراو.

***Corresponding Author***

mustafa.mustafa@charmouniversity.org

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، لایەنێکی گرنگی بابەتێکی بنەڕەتیی لە زمانی کوردیدا بخرێتەڕوو، کە ئەویش (ڕەگی کردار)ە، دیارە ڕەگی کرداریش وەک مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەیی، بە بۆچوونی ئەم توێژینەوەیە ئەو لەبارێتی و نەرمییەی تێدایە، کە وەک بەشێکی بنجیی و بنەڕەتیی بتوانێت ڕۆڵی لە دروستکردن و داڕشتنی دەیان وشەی نوێدا بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی هەبێت، ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای تیۆری (ڕێزمانی بەرهەمهێنان – مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنان) کاردەکات، لە توێژینەوەکەدا ڕێبازیی پەسنی شیکاریی – ئاماریی پەیڕەوکراوە، واتە وشە و داتا وەرگیراوەکان (لێکدراو و دارێژراو)ەکان، کە ڕەگی کردار تیایاندا مۆرفیمی بنجیی و ڕۆنەریی ئەو جۆرە وشانەیە، بە بنەما وەرگیراون و پاشان لە ڕێگەی خستنەڕووی خشتە و ئاماری بەبەرهەمییاندا

بەرهەمهێنانی وشەی (لێکدراو و داڕێژراو)دا بۆ فەرهەنگی زمان خراوەتەڕوو.

## پێشەکی

فەرهەنگی زمان لەگەڵ گۆڕان و گەشەسەندنەکانی کۆمەڵدا دەشڵەقێت و گۆڕانی بەسەردا دێت، بە حوکمی ئەوەی زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی و بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ و ئاخێوەرانیی، لە ڕێگەی وشەکانی زمانەوە زمانحاڵی گۆڕانەکانە، لە بوارو مەودا جیاوازەکانی ژیان و ژیاریی نەتەوە جیاوازەکاندا، هەربۆیە ئاخێوەرانی زمان بۆ هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانەکان و خستنەڕووی پێداویستییەکانیان لە ڕێگەی زمان و وشە زمانییەکانەوە، لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی وشەی پێویست بۆ دەربڕینی ئەو بیرو گۆڕانە نوێیانەی، کە دێنە ناو ژیانیانەوە، لەم ڕووەشەوە زمان، چ لە ڕێگەی وەرگرتنی وشەی زمانێکی ترەوە بێت، یان لە ڕێگەی دروستکردن و داڕشتنی وشەی نوێوە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی، یاخود بەهۆی چەندین ڕێگە تری وەک: (وەرگرتن، پێوانە، کورتکردنەوە، وەرگێڕان، خواستن، ...هتد)، پێداویستییە زمانییەکانی بۆ دەربڕینی ئەو بیرو دیاردە و حاڵەتە نوێیانەی، کە هاتوونەتە ناو ئەو زمانەوە دابیندەکات.

بەبەرهەمیی وەک خاسییەتێکی سەرەکیی زمان و پەیوەست بە بوارەکانی (بەرهەمهێنانی وشە و داتای پێویست بۆ ئاخێوەران و لایەنی ئابووریکردن و دروستکردنی وشەی نوێ لە بواری فەرهەنگەوانیی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا و ڕۆنانی داتای زمانیی لەسەر بنەمای کەتیگۆرییە گرنگ و سەرەکییەکانی زمان و پڕکردنەوەی پێداویستییە وشەییەکانی قسەکەران و بەکارهێنەرانی زمان، بە تایبەت بەبەرهەمیی لە بواری مۆرفۆلۆژییدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە و لەم ڕووەوە زمانەوانان بیروبۆچوونیان سەبارەت بەوەی کە چی بەبەرهەمە؟ ئایا وشەکانی زمان و بناغەکانیان؟ یاخود تەرزو یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، یا لاگرە مۆرفۆلۆژییەکان بەبەرهەمن؟[1]، بۆیە ئێمە لەم ڕوانگەیەوە لە کەتیگۆرییەکی گرنگی وەک (کردار) و لەناو کەتیگۆریی کرداریشدا (ڕەگی کردار) وەک مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەیی و هەڵگری واتای بنەڕەتیی و فەرهەنگیی کردار، پەیوەست بەبەرهەمیی و چالاکیی و ڕۆڵی لە دروستکردن و ڕۆنانی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەکۆڵینەوە و دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵی (ڕەگی کردار)، وەک کەرەستەیەکی گرنگی زمان لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانییدا بخەینەڕوو، بۆیەش ناومان ناوە (بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی)، چونکە سنوری توێژینەوەکەمان سنوری مۆرفۆلۆژیی و ڕۆنانی وشەی نوێیە، نەک سنوری سینتاکس و دەرخستنی (ڕەگی کردار) لە دروستکردنی فۆڕمە وشە جیاوازەکانی کردارێکدا، هەروەک چۆن لە ناوە کرداریيەکانی وەک: (خواردن)، (هاتن)ەوە، بەپێی (تاف، ڕێژە، دەمکات، لۆژیک، دیاریی و نادیاریی و ...هتد) چەندین فۆڕمە وشەی وەک نموونەکانی (١، ٢) دروستدەکرێن و بۆ فۆڕمی جیاوازی سینتاکسیی دەشکێنرێنەوە:

١- خواردن > خوارد، خواردووە، خواردبوو، دەخوارد، دەخوات، بخوات، بخۆ، خورا، ...هتد

٢- هاتن > هات، هاتووە، هاتبوو، دەهات، دێت، بێت، بێ/وەرە، ...هتد .

١/١ بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی و بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی:

١/١-١ بەبەرهەمیی چەمک و پێناسە[2]:

لە زمانی کوردییدا، زاراوەی بەبەرهەمیی زاراوەیەکی داڕێژراوە، لەڕووی دروستەوە لە ( (پێشگر + ناو) + پاشگر) پێکهاتووە،[3] کە بەرامبەر زاراوەی (productivity)ی زمانی ئینگلیزیی بەکارمانهێناوە، لە زمانەوانی مۆرفۆلۆژییدا بە مەبەستی، چالاکیی و ڕێژەی بەرهەم زۆری و بەرهەمداریی (بناغەیەک، گیرەکێک، یاسا/تەرزێک)ی مۆرفۆلۆژیی و توانای چەندبارەبوونەوە و بەرهەمهێنانی زۆرترین بناغەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بەکاردێت. واتە بەبەرهەمیی (یاسا/تەرز، بناغە، گیرەک)ێکی مۆرفۆلۆژیی بەپێی ڕێژەی بەرهەم و توانای بەشداریکردنی لە دروستکردن و ڕۆنانی زۆرترین بناغە و چەندبارەبوونەوەی لەگەڵ زۆرترین بناغەدا دەستنیشاندەکرێت، هەربۆیە سەبارەت بەبەرهەمیی چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

[1] لەمبارەیەوە بڕوانە: ١- (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٩)، (نەرمین عومەر:٢٠١٠) و ئەو سەرچاوانەی ئەوان بەکاریان هێناون.

[2] زاراوەی بەبەرهەمیی (Productivity) بۆ یەکەمجار لەلایەن (دیتس – Dietz ١٨٣٨) بەکارهاتووە، (دیتس) بەبەرهەمیی وەک بەرامبەرێک بۆ (زیندووبوون) بەکارهێناوە، هەروەها کەسانی دیکەی وەک: (یەسپرسن، دارمستەر، گریم، کایچوڤسکی، لولوفس، نایروب، پاول)، بەبەرهەمییان بە هەمان چەمک بەکارهێناوە، هاوکات چەمکی بەبەرهەمیی لای (پایک) بە واتای (کارابوون)ەوە بەکارهاتووە، ئەمە جگەلەوەی کە بۆچوونی پێچەوانەی ئەو دوو بۆچوونەی سەرەوەش هەبووە. بڕوانە: (بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، دلێر صادق کانەبی و سامی حوسێن قادر، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (١) ژمارە (٢)، پاییزی ٢٠١٨).

[3] جگە لە زاراوەی (بەبەرهەمیی)، زاراوەکانی (بەپێزیی، بەرهەمداریی)یش لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا بەکارهاتوون.

Fasold: بەرهەمداریی تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی زمانی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێ کۆتا لە مانای نوێ، بە لێکدانی ئەو فۆرمانەی لە زمانەکەدا هەن، بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن.[4]

سەلام ناوخۆش: بریتییە لە توانای بەکارهێنەری زمان لە ئافراندن و تێگەیشتنی ژمارەیەکی بێکۆتا لە وشەی نوێی زمان. ئەو ئەدگارە تایبەتە بە زمانی مرۆڤ. (٢٠١٤: ٢٦٦).

نەرمین عومەر: بەبەرهەمیی لە پێڕەوی پەیوەندییکردندا ئەو تایبەتمەندییەیە، کە ڕێگە بە دارِشتن و شیکردنەوەی هێمای نوێ دەدات. (٢٠١٠: ١٣).

ئەوەی لە پێناسەکانەوە دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە کە بەبەرهەمیی وەک (باوەری زمانەوان) دەڵێت: " بەشێوەیەکی گشتیی بەرهەمداری سیفەتێکی گشتی سیستەمی زمانە." (٢٠٠٤: ١٢)، واتە زمانی مرۆڤ یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی بریتییە لە (بەبەرهەمیی)، هاوکات پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە هەرچەندە لە هەردوو پێناسەکەی (فاسۆڵد و سەلام ناوخۆش)دا، ئاماژە بە (بێکۆتایی بوونی بەرهەمهێنانی فۆڕمی نوێ/ وشەی نوێ لە زماندا دراوە)، ئەو (بێکۆتایی بوونە)، هەروەک (چۆمسکی)ش، جەختی لەسەر ئەم تایبەتمەندییە کردووەتەوە، پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی ڕستە و فرێزی نوێ لەزماندا، نەک بەرهەمهێنانی وشە، واتە ئەوەی لە زماندا پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی وشەوە و لە پێناسەکانیشدا جەختیلێکراوەتەوە، خستنەڕووی ئەو تایبەتمەندییەی زمانە، کە زمان ئەو لەبارێتیی و نەرمییەی تێدایە، مرۆڤ بتوانێت بەپێی پێداویستییەکانی ئاخاوتنی خۆی و بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی فەرهەنگەکەی وشە و واتای نوێ ڕۆبنێت، ئەویش بەڕێگە جیاوازەکانی دروستکردنی وشە، لەوانەش: " لێکدان، دارِشتن، گۆڕانی واتایی (فراوانبوون و تەسکبوونەوەی واتا)، کورتکردنەوە و ...هتد"، هەربۆیە چۆمسکی سەبارەت بە بەرهەمهێنانی زمانیی/ڕستەیی ئەوەی خستووەتەڕوو، کە مرۆڤ لە توانایدایە لەسەر بنەمای ئەو **چەند یاسا سنوردارەی، کە هەیەتی دەتوانێت بێسنوور دەربڕاوی زمانیی نوێ دەربڕێت، بە جۆرێک کە پێشتر نە گوێی لێبووە نە درکاندوشییەتی**[5] **، هەر لەبارەی بەبەرهەمییەوە هەریەک لە (کریستەڵ و جۆرج یەڵ)، ئەم دیاردە زمانەوانییەیان بە دیاردەیەکی زمانی مرۆڤ داناوە، نەک زمانی ئاژەڵ و پێیانوایە بەبەرهەمیی توانای خوڵقاندنی وشەی نوێیە و تایبەتە بە مرۆڤەوە.**[6] **کەواتە " بەبەرهەمیی تایبەتمەندییەکی زمانی مرۆڤە و لە زمانی گیانەوانی دیکەدا نییە، بە جۆرێک مرۆڤ بەهۆی ئەو توانا و سیستەمە زمانییەی لە مێشکیدا هەیە، دەتوانێت کۆمەڵێک کردەی لێکدانی دانەکانی زمان لە ئاستە جیاوازەکاندا ئەنجامبدات و بەڕێژەی جیاواز فۆڕمی جیاواز بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنێت." (دلێر صادق کانەبی و سامی حوسێن قادر،٢٠١٨: ٦٠)، کەواتە زمانی مرۆڤ ئەو تایبەتمەندیی و لەبارێتییەی تێدایە، کە بتوانێت لەگەڵ خواست و داواکاریی ئاخێوەرانیدا بۆ دەربڕینی ڕستە و وشە و بیری نوێ هەنگاوهەڵگرێت و پێداویستیی وشەیی و ڕستەیی قسەپێکەرانی پڕبکاتەوە، هەربۆیە ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا جەختی لەسەردەکەینەوە بریتییە لە تیشکخستنەسەر بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی نەک بەبەرهەمیی سینتاکسیی و بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ،**

[4] لە سازان زاهیر (٢٠٠٩: ٧)دوە وەرگیراوە.

[5] بڕوانە ئازاد ئەحمەد حوسەین (٢٠٠٩: ٢١ و ٢٢).

[6] بڕوانە: سەلام ناوخۆش (٢٠١٨: ٩٠).


بەڵکو ئێمە قسە لەسەر بەرهەمهێنانی وشەی نوێی فەرهەنگی دەکەین، ئەویش لە ڕێگەی کەرەستەیەکی گرنگی زمانی کوردییەوە، کە ئەویش کەتیگۆریی کردارە، دیارە ئێمە تەنها باس لە ڕۆڵ و گرنگیی (ڕەگ)ی کردار دەکەین لە ڕۆنانی وشەی نوێی فەرهەنگییدا، نەک فۆڕمە جیاوازەکانی تری پەیوەست بە کردارەوە، وەک: (ناوی کرداری – هاتن، خواردن، ...هتد)، یاخود فۆڕمە شکاوەکانی (کردارە کاتوکەسدار)ەکانی وەک: (خوارد، هات، دێت، ...هتد)، هەربۆیە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە دەرخستنی توانای (ڕەگ)ی کردارە لە داڕشتن و ڕۆنانی وشەی نوێی فەرهەنگیی، چ وشەی (داڕێژراو) یا وشەی (لێکدراو)بێت، کە هەوڵدەدەین لەڕێگەی خستنەڕووی یاساکانی ڕۆنانی وشەی نوێی فەرهەنگیی، کە تیایاندا (ڕەگ)ی کردار مۆرفیمێکی تەوەرەییە لە ڕۆنانیاندا و بناغەی پێکهێنانی وشەکەیە.

## ١/١-٢ بەبەرهەمیی پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە:

بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی بابەتێکە، کەمتر لەسەرچاوە زمانەوانییەکاندا قسەی لەبارەوە کراوە، ئەوەی زیاتر سەبارەت بە چەمکی بەبەرهەمیی قسەی لەسەر کرابێت بریتییە لە بەبەرهەمیی سینتاکسیی، یا فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکی، ...هتد، هەر بۆنموونە چۆمسکی کاتێک باس لە گرنگترین ئەدگاری زمانیی مرۆڤ دەکات، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی سنوردار، بێسنور یەکە و دەربڕاوی نوێی زمانیی (ڕستەی زمانیی) بەرهەم بهێنێت، واتە باس لە بەبەرهەمیی سینتاکسیی دەکات، پاشان ڕەخنەگرانی چۆمسکی باس لە بەبەرهەمیی لە بواری سیمانتیکدا دەکەن، بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونەمان ئەوەتە کریستاڵ (١٩٩٢: ١٥١ – ١٥٢) باس لە (ڕێزمانی بەرهەمهێن، فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێن، سینتاکسی بەرهەمهێن، سیمانتیکی بەرهەمهێن) دەکات، هاوکات هەر یەک لە تراسک و ماسیۆس باس لە (ڕێزمانی بەرهەمهێن، واتاسازیی بەرهەمهێن، زارناسی بەرهەمهێن) دەکەن[7]، کەواتە بابەتی بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژییدا کەمتر لەسەرچاوە بیانییەکاندا قسەی لەبارەوە کراوە، بۆ نموونە (سێرجۆ سکالیس) " مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێن بە توانای ئەفێکس و خودی مۆرفیمە ئازادەکان دەبینێت." (سەلام ناوخۆش: ٢٠١٨: ٨٩)، هەر سەبارەت بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژییدا (فرۆمکین – Fromkin) دەڵێت: " بەبەرهەمیی ئاماژە بە هەموو ئەو یاسا مۆرفۆلۆژییانە دەکات؛ کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی سەربەست (ئازاد) بەسەر هەموو فۆڕمەکان جێبەجێبکرێن، بە مەبەستی پێکهێنانی وشەی نویێ." (دلێر صادق کانەبی و سامی حوسێن قادر،٢٠١٨: ٦١)،واتە بەبەرهەمیی یەکەیەکی زمانییە، چ گیرەکێکی زمانیی، چ مۆرفیمێکی ئازاد بێت، پەیوەست بە توانای لەباری و گونجاوی لە داڕشتن و دروستکردنی وشەی نوێی زمانییدا، واتە یەکەیەکی زمانیی، تا سنوری بەشداریکردن و توانای داڕشتنی وشەی نوێی زمانیی و توانای چەندجارەبوونەی هەبێت، ئەوا زیاتر دەتوانرێت بەو یەکە زمانییە بوترێت بەبەرهەم، هەر سەبارەت بەبەرهەمیی (لاینێری)ی زمانەوان پێیوایە: " کاتێک باسی بەبەرهەمیی – productivity)ی دەکەین دەبێت بە مۆفۆلۆژییەوە بیبەستینەوە، هەربۆیە گرنگترین فاکتەرەکانی بەبەرهەمیی

[7] بڕوانە سەلام ناوخۆش: (٢٠١٨: ٨٨)

بەپێی ئەم دایەگرامەی خوارەوە خستووەتەڕوو: (٢٠٠٩: ٦١).




هێڵکاری (١) فاکتەرەکانی بەبەرهەمیی

بە سوودوەرگرتن لەو سەرچاوانەی[8]، لەبەردەستی توێژەردان، دەتوانین ئەوە بڵێین، کە بابەتی بەبەرهەمیی سیفەتێکی گشتیی زمانە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان بریتییە لە بەبەرهەمیی، چونکە زمان کە ڕەنگدەرەوەی ژیان و ژیاریی مرۆڤەکانە و کەناڵێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا، پێویستە بەبەرهەم بێت و ئەو لەبارێتی و نەرمییەی تێدابێت، کە بتوانێت لەگەڵ واقیعە نوێیەکاندا هەڵبکات، ئەم بابەتەش لای (ویدۆوسن) پەیوەستە بە لایەنی دوو ڕەهەندیی زمانی مرۆڤەوە، کە خۆی لە هەردوو ئاستی (ئاسۆیی و ستوونی)دا دەبینێتەوە، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی ڕەهەندی یەکەمەوە دەتوانێت بەپێی ئاستە جیاوازەکان یەکەی زمانیی بخاتە پاڵ یەک و یەکەی گەورەتری زمانیی ڕۆبنێت، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی یاساو ڕێسا زمانەوانییەکان، بۆ نموونە لە دەنگەکان وشەکان و لە وشەکان فرێزەکان و لە فرێزەکان ڕستە و لە ڕستەکان دەق و کۆرپە دەق دروستدەکات، هاوکات لە ڕێگەی ڕەهەندی دووەمەوە (ستوونی)، فۆڕمەکانی زمان، کە هەمان ئەرکی بەکارهێنان و دەرکەوتنیان دەبێت لە ئاستێکی تایبەت لە ڕۆنانێکی دیاریکراودا، ئەوا پەیوەندی (ستوونی/جێنیشی) دروستدەکەن. کەواتە " ئەم شێوە دوو ڕەهەندییەی زمان توانای ئەوەی بۆ فەراهەم دەکات، کە ژمارەیەکی ناکۆتا لە گوزارشت و دەربڕین بەرهەمبهێنێت لە ژمارەیەک هۆکار و ڕۆنانی دیاریکراوەوە." (ویدۆسن:٢٠٠٨: ٥٣).

## ١/١-٣ بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی:


باوەڕی زمانەوان بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی بۆ دوو لق دابەشدەکات، کە ئەوانیش: (مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن و مۆرفۆلۆژیی داڕشتن)ە، لەمبارەیەشەوە (سەلام ناوخۆش) دەڵێت: " دوو مۆرفۆلۆژیی هەیە: یەکیان مۆرفۆلۆژیی داڕشتن – ە، کە یاساکانی توانای زمانەوانی دەردەخەن لە خوڵقاندنی وشەی نوێ، هەرچی مۆرفۆلۆژیی گەردانکردنە بەشەکانی ئاخاوتن ناگۆڕێت. کەواتە بەرهەمهێن ئەدگاری مۆرفۆلۆژیی داڕشتنە." (٢٠١٨: ٩٠)، کەواتە مۆرفۆلۆژیی دوو لایەن دەگرێتەوە:

یەکەم: وشەدروستکردن، بۆ واتای نوێ.

دووەم: شکاندنەوە، بۆ بەرهەمهێنانی وشە و پێکهاتووی سینتاکسیی. (ئاریان سدیق عەزیز، ٢٠٢٠: ٥٥)، هەرسەبارەت بە بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی هەریەکە لە (محەمەدی مەحوی و محەمەد عومەر عەول و مستەفا ڕەزا مستەفا)، بە سوودوەرگرتن لە (باوەڕ)ی زمانەوان

[8] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ١- محمد معروف فتاح (زمانەوانی، ٢٠١١)، ٢- نەرمین عومەر (بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، ٢٠١٠)، ٣- سەلام ناوخۆش (لەبارەی مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس و مۆرفۆسێنتاکس، ٢٠١٨)، ٤- مستەفا ڕەزا مستەفا (پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٩).

بەشەکانی مۆرفۆلۆژیان بەپێی هێڵکارییەک خستووەتەڕوو، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[9]





هێڵکاریی (٢) بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی

## ١/ ٣-١ مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن:

لە مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێناندا شکانەوە بریتییە لە پێواژۆیەکی دارشتنی فۆڕمی وشە، بۆئەوەی کاتیگۆرییە ڕێزمانییە جۆراوجۆرەکانی وەک دۆخی ڕێزمانیی، رووکار، ڕێژە، کەس و ژمارە، توخم، دیاریکردن و دەرخستن، بکەردیاری و بکەرنادیاری نیشانبدات." (ئاریان صدیق عەزیز: ٢٠١٩، ٧)، واتە ئەم لق/بەشەی مۆرفۆلۆژیی پەیوەستە بە گەردانکردنی وشە فەرهەنگییەکانی وەک: (ناو، کردار، ئاوەڵناو)، بۆ فۆڕمە وشە جیاوازەکانی، پەیوەست بە بارودۆخە سینتاکسییە جیاوازەکانەوە، کە دەربڕی حاڵەتە جیاوازە ڕێزمانییەکانن، واتە " گەردانکردن ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە، بەهۆیانەوە فۆڕمەکانی لێکسیمێک لە قەدە فەرهەنگییەکەیەوە پێکدەهێنرێت." (محەمەد عومەرعەول، ٢٠١٠: ٣٢٦)، بۆ نموونە وەک: گەردانکردنی کردارەکانی (خوارد، هات)، بۆ فۆڕمە وشە جیاوازەکانی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی (تاف، دەمکات، ڕێژە، ئەرێ و نەرێ، ...هتد) جیاوازەکانی هەمان فۆڕمدا:

## ١/ ٣-٢ مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی – وشەدروستکردن:

زمانی کوردیش وەک زمانەکانی تر لە کاتی بوونی پێویستیی، بۆ دەربڕینی بیرێکی نوێ، یان شت و دیاردەیەکی نوێ و بۆ ناونانی بابەتێکی نوێ (ماددیی یان مەعنەویی) ڕێگەی جیاواز دەگرێتەبەر، کە گرنگترین ئەو ڕێگەیانەش بەپێی هێڵکاریی (٣) بریتین لە:




هێڵکاریی (٣) گرنگترین ڕێگەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا، ئێمە دەمانەوێت تیشکی بخەینەسەر و لەبارەیەوە بدوێین، بریتییە لە دەرخستن و پیشاندانی ڕۆڵی کەتیگۆرییەکی گرنگی زمانیی، کە لە دەوڵەمەندکردن و ڕۆنانی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمانی کوردیی و خستنەڕووی داتای پێویست لە وشەی زمانیی بۆ ئاخێوەرانیی، ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەیە، ئەویش کەتیگۆری (کردار)ە، ئێمە ئەوە دەزانین، کە (ناوی ڕووداو/چاووگ) سەرچاوەی وەرگرتنی کردارە بە فۆڕمە جیاوازەکانییەوە، هەروەها ئەوەش ڕوونە، کە کردار بەپێی تاف (ڕابردوو، ڕانەبردوو) دوو فۆڕمی سەرەکیی هەیە، کە

[9] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە دابەشکردنەکانی: ١- محەمەدی مەحوی (مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، ٢٠١٠)، ٢-محمد عومەرعەول، (دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دارشتن و ئەرکەوە، ٢٠١٠)، ٣- مستەفا ڕەزا مستەفا، (پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمرۆیان لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٩)، ٤- Baure,L. (English Word – Formation,1983)

ئەوانیش (قەد – steam) و (ڕەگ – root)ن، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ و جێی هەڵوەستەلەسەرکردن و سنوری توێژینەوەکەمانە، بریتییە لە فۆڕمی (ڕەگ)ی کردار، کە وەک مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەیی واتای بنجیی کرداری لە رووی سیمانتیکییەوە لەخۆیدا هەڵگرتووە، لە رووی گۆکردن و بەکارهێنانەوە گۆکردنێکی سەربەخۆی نییە[10]، بەڵام لەپاڵ مۆرفیمەکانی (تاف و کەس و ژمارە)دا، فۆڕمی کردارێکی (کاتو کەس)دار دەبەخشێت و واتایەکی پری دەبێت وەک: ڕەگەکانی (خۆ، بە، شۆ) لە نموونەکانی (٣، ٤، ٥)دا:

٣- خۆ: ( ده + خۆ + م > دەخۆم)

٤- بە: (دە + بە + م > دەبەم)

٥- شۆ: (دە + شۆ + م > دەشۆم)

## ٢/١ بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا:

### ٢/١-١ ڕەگی کردار چەمک و پێناسە:

ڕەگ و بناغەی وشە، دوو بابەتن، کە زۆرجار تێکەڵ دەبن و یەک شت دەگرنەوە، بەڵام هەندێکجاریش جیاواز مامەڵە دەکەن، بۆ نموونە وشەی (پیاو) ڕەگە بۆ فرێزەکانی: <پیاوەکە، پیاوێک، پیاوان>. هەروەها وشەی (هونەرمەند) بناغەیە بۆ وشەی (هونەرمەندێتی)، لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین، کە مەرج نییە هەموو بناغەیەک ڕەگ بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە دەتوانین بڵێین هەموو ڕەگێک بناغەیە، بۆ نموونە وشەی (پیاو) هەم ڕەگە، هەم بناغەشە، بەڵام وشەی (هونەرمەند) ڕەگ نییە، بەڵکو تەنها بناغەیە، چونکە بناغەی وشەکە لە (ڕەگ + گیرەک) پێکهاتووە، کەواتە ڕەگ: بریتییە لە کرۆکی وشە، کە لەوەزیاتر بۆ یەکەی واتاداری تر دابەشناکرێت، بەڵام بناغە یەکەکانی زمانن، کە ئەفێکسی وشەدارِێژ و سینتاکسییان دەچێتە سەر. (شێرکۆ حەمە ئەمین، ٢٠٠٢: ٧)، هەر سەبارەت بە زاراوەی (بناغە:base) محەمەدی مەحوی دەڵێت: " بناغە ئەو بەشەیە، کە لاگری پێوە دەلکێنرێت." هەروەها زاراوەی (قەد)ی بۆ فۆڕمە وشەی شکاوە و (بناغە)شی بۆ وشەی هەڵگوێزراو بەکارهێناوە .[11] ئەوەی پێویستە لێرەدا بیخەینەڕوو، ئەوەیە کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی (ڕەگ:Root) تەنها بۆ ڕەگی کردار بەکاردەهێنین، نەک بۆ ڕەگی وشە بەشێوەیەکی گشتیی، بۆیە لێرە بەدواوە مەبەستمان لە (ڕەگ)، ڕەگی کردارە، ڕەگی کرداریش: " کرۆکی کردارە و هەڵگری واتا و داواکارییە سیمانتیکیی و ڕێزمانییەکانیەتیی." (ئاریان سدیق عەزیز، ٢٠٢٠: ٦١).

ڕەگی کردار، لە دروستکردن و رۆنانی وشە و زاراوە، لە زمانی کوردییدا، رۆڵێکی گرنگ و دیاری هەیە، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی وشەیی ئاخێورانی زمان و زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمان، لەم رووەشەوە ڕەگی کردار، دەبێتە بەشێکی سەرەکیی و بنجیی لە دروستەی ئەو وشانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا جێگەی قسەلەسەرکردن و هەڵوەستەلەسەرکردنە، کە ئەوانیش بریتیین لە هەردوو جۆری وشەی (لێکدراو و دارِێژراو)، لە رووی دروستەوە وشەکانی زمان بۆ وشەی سادە و وشەی ناسادە پۆلکراون.

## ٢/١-٢ پۆلکردنی وشە بەپێی دروستە – structure:

[10] - کاتێک ئێمە دەڵێین ڕەگی کردار، مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەییە و گۆکردنێکی سەربەخۆی نییە، ئەمە بەشێوەیە گشتییەکەیەتی، ئەگینا ئەم قسەیە ڕەها نییە، بەڵکو چەند ڕەگێکمان هەیە، کە بەشێوەی وشەی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن و بوونەتەوە ناو بۆ شت/دیاردەیەکی دیاریکراوە، وەک: (خەوتن > خەو)، (ترسان > ترس)، ... هتد.

[11] بڕوانە محەمەدی مەحوی، (مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، ٢٠١٠: ١٢).

وشە وەک دانەیەکی گرنگ و بنەڕەتیی زمان لە زۆر ڕوانگەوە قسەی لەسەرکراوە، لەوانە: (دروستە، ئەرک، واتا، دەربڕین، ...هتد)، ئەوەی، کە بەلای ئێمەوە گرنگە پۆلکردن و دابەشکردنی وشەیە، بەپێی دروستە، کە بۆ (وشەی سادە، وشەی ناسادە)، هەروەها وشەی (ناسادە)ش بۆ وشەی (دارێژراو، لێکدراو) پۆلکراون.

١/٢-٢-١ وشەی سادە: بریتییە لەو وشانەی، کە لە بناغەیەکی سەربەخۆی واتادار، یان ئەرکیی پێکهاتووە و هیچ جۆرە زیادییەک (گیرەک – affix)ێک بە بناغەی وشەکەوە نییە، وەک:

٦- دار، گوڵ، بەرد، ... هتد

٧- وشە ئەرکییەکانی وەک: (کە، بەڵام، ... هتد)

١/٢-٢-٢ وشەی ناسادە: وشەی ناسادە بریتین لەو وشانەی، کە لە ڕووی دروستەوە لە بناغەیەک زیاتر بەشداری لە ڕۆنانی وشەکەدا کردووە و لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەن، کە ئەوانیش بۆ وشەکانی (لێکدراو، دارێژراو) جیاکراونەتەوە.

یەکەم/ وشەی لێکدراو: ئەو وشانە دەگرنەوە، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە دوو بناغە یان زیاتر، بە یارمەتی مۆرفیمێکی بەندی لێکدەر، یا بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر ڕۆنراون. واتە وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە لە لێکدانی دوو بناغە سازدەبێت و لەڕووی ڕستەسازی و واتاسازییەوە وەک وشەیەکی نوێ ڕەفتاردەکات، یەکێک لەم دوو بناغەیە هەمیشە ڕەگی کردارە و ئەوی تریشیان بریتییە لە دانەیەکی فەرهەنگی وەک (ناو، ئاوەڵناو، ...) کە دەشێت لە فۆڕمدا (سادە، دارێژراو، لێکدراو) بێت."[12] وەک:

٨- ئەو وشانەی بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر ڕۆنراون: (گەشبین، میانڕەو، ڕۆژنامەنوس، سەوزەفرۆش، سەرتاش، پیاوکوژ، خۆشنوس، پاکنوس،... هتد)

٩- ئەو وشانەی بە یارمەتی مۆرفیمی بەندی لێکدەر ڕۆنراون: (هاتوچۆ، گفتوگۆ، سەرەڕۆ، بەرزەفڕ،... هتد)

دووەم/ وشەی دارێژراو: ئەو وشانەن، کە لە ڕووی ستراکچەرەوە لە بناغەیەک و گیرەکێک لە شێوەی (پاشگر، پێشگر، پێشگرو پاشگر) پێکهاتوون، واتە " وشەی دارێژراو ئەو وشە ناسادەیەیە کە لە وشەیەکی سادە و زیادییەک پێکهاتبێت، ئەوجا زیادییەکە پێشگر یا پاشگر یا هەردوو (پێشگر و پاشگر) پێکەوەبن." (ئەوڕەحامانی حاجی مارف، ٢٠١٤: ٦٥)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١٠- /پێشگر-/ + بناغە > وشەی دارێژراو: (ڕاگر، بوێر، تێگر، لاگیر، ...هتد)

١١- بناغە + /-پاشگر/ > وشەی دارێژراو: (بینا، پرسیار، نوسەر، خۆراک، ...هتد)

١٢- /پێشگر-/ + بناغە + /-پاشگر/ > وشەی دارێژراو: (بکەر، بخۆر، ڕاخەر، ...هتد)

پاش خستنەڕووی (دروستە – structure)ی وشە، کە بۆ وشەی سادە و ناسادە (لێکدراو و دارێژراو)، پۆلکراون، بە کورتی خستمانەڕوو، ئێستاش دەمانەوێت، بچینەسەر

---

[12] بە دەستکارییەوە لە (محەمەد عومەر عەول، ٢٠١٠: ٣٥٣)ەوە وەرگیراوە، ناوەڕۆکی پێناسەکە لەگەڵ مەبەستی توێژینەوەکەدا گونجێنراوە، چونکە ئێمە ئەوە دەزانین، کە مەرج نییە، وشەی لێکدراو بەردەوام کەرتی دووەمی (ڕەگی کردار)بێت، واتە لێرەدا تەنها مەبەست لەو وشانەیە، کە ڕەگی کردار بەشێکە لە دروستەی وشەکان، نەک مەبەست لە هەموو وشەیەکی لێکدراو، یاخود کرداری لێکدراو لە نموونەی (سوێندی خوارد، یاریکرد، ...هتد) بێت.

ناوەڕۆکی مەبەستی توێژینەوەکەمان و لە ڕۆڵی (ڕەگ)ی کردار لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردییدا بدوێین، هەوڵدەدەین لەسەر بنەمای (دەرکردە – out put) وشە بەرهەمهێنراوەکان و بەپێی یاساکانی ڕۆنانیان چۆنییەتی کارکردن و بەشدارییکردنی (ڕەگ)ی کردار، کە وەک بەشێکی بنجیی و بنەڕەتیی لە دروستەی وشە (لێکدراو داڕێژراو)ەکاندا بەشدارییدەکات، بیخەینەڕوو، هەڵبەت ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنها (تیشک – focus) دەخەینەسەر بەرهەم و دەرکردەی ئەو یاسایانەی، کە (ڕەگ)ی کردار ڕۆڵی لە دروستکردنیاندا هەیە، واتە وشە ناسادەکانی تر، کە پەیوەست نین بە سنوری کارەکەی ئێمەوە هەڵیدەبوارین و قسەیان لەبارەوە ناکەین.

**٢/١-٣ بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا:**

وەک پێشتر خستمانەڕوو، وشەی لێکدراو لەڕووی دروستەوە لە دوو بناغەی سەربەخۆ لە رووی واتاییەوە، یان لە بناغەیەکی سەربەخۆ لە ڕووی واتاییەوە لەگەڵ بناغەیەکی ناسەربەخۆ لەڕووی واتاییەوە بە یارمەتی مۆرفیمێکی بەندیی لێکدەر، یا بەبێ یارمەتی مۆرفیمی بەندی لێکدەر ڕۆدەنرێن، لێرەدا ئێمە ئەو وشە لێکدراوانە دەخەینەڕوو، کە (سەر – head)ی وشەکە بریتییە لە (ڕەگی کردار) واتە (ڕەگ) بەشی بنجیی و پێکهێنەری سەرەکیی وشە بەرهەمهاتووەکەیە و بەشێوەیەکی گشتیش یاسای ڕۆنانی وشەی لێکدراو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- تەواوکەر+ سەر> وشەیەکی لێکدراو

١٣- دارتاش، پیاوکوژ، دادخواز، پەیامنێر، ڕەشبین، میانڕۆ، خۆشنوس، ڕۆژنامەنوس، ڕێگر، سەربڕ، قەڵەمبڕ، توندڕەو، سەرتاش، قورئانخوێن، تۆڵەسێن، شەکرشکێن، هەستبزوێن، مردوشۆر، مەلابەزێن، خەمڕەوێن، دڵتەزێن، دڵڕفێن، دەستوەشێن، دڵگیر، پەرگیر، ... هتد

ب- تەواوکەر+ م.بەندی لێکدەر+ سەر> وشەیەکی لێکدراو

١٤- گفتوگۆ، دانوستان، هاتوچۆ، مشتوماڵ، سەرەڕۆ، بەرزەفڕ،

ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا، لەسەر بنەمای نموونە وەرگیراوەکان، کە وەک: (نموونە: sample)ێک بۆ دەرخستنی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار سوودیلێوەرگیراوە و ژمارەی وشەکان بریتین لە (٥٩٨) وشە. بە وردبوونەوە لە خشتەی ژمارە (١) و چارتی ژمارە (١)، کە لە هەردوو وێنەکەدا ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی ئەو کردارانە پیشاندەدات، کە ڕۆڵیان لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا هەیە، لە ئەنجامدا دەبنەهۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و ئاخێوەر دەتوانێت لەسەر ئەو بنەمایە بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ سوودیانلێوەربگرێت، هەر بەپێی ئەو دوو وێنەیە، خشتەی (١) و ئاماری (١) دەبینین ڕەگی کرداری (گرتن > گر/گیر)، بە (٤٣) وشە و بەرێژەی سەدیی لە ٧.١٩% بەبەرهەمترینیانە و ڕەگی کردارەکانی (چاندن > چێن، پاڵاوتن > پاڵێو، تەقین > تەق، دۆشین > دۆش، بێژان > بێژ، لێستن > لێس، ....هتد)، هەریەکەیان بە (٢) وشە و بەرێژەی سەدیی لە ٠.٣٣% کەمبەرهەمترینیانە، ئەمە جگەلەوەی بەپێی نموونەکان، کە تێکڕایان (٥٩٨) وشەیە، لەو ژمارەیە (٥٣٣) وشەیان بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر ڕۆنراون، لەبەرامبەردا (٦٥) وشەیان بە هۆی مۆرفیمە بەندە لێکدەرەکانی (-ە- -و-) ڕۆنراوە، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، ڕۆنانی وشەی لێکدراو بەهۆی ڕەگی کردارەوە لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەی (٨٩%) پەیڕەوەی لە یاسای (أ)

**(تەواوکەر + سەر > وشەی لێکدراو) دەکات و بە ڕێژەی (١١%) پەیڕەوی لە یاسای (ب) (تەواوکەر + مۆرفیمی لێکدەر + سەر > وشەی لێکدراو) دەکات، لەمبارەیەوە بڕوانە خشتەی (٢)، ئاماری (٢)، کە ڕێژەی بەبەرهەمیی هەردوو یاساکەی خستووەتەڕوو، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە لە زمانی کوردییدا وشەی لێکدراو، کە کەرتی سەرەکی لە ڕەگی کردار پێکهاتبێت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ تەواوکەرەکەی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار) یەک دەگرێت و وشەیەکی نوێ ڕۆدەنێت.**

**کەواتە بەپێی نموونەکانی ژمارە (١٣)و یاسای (أ)، ڕۆنانی وشەی لێکدراو بەبێ یارمەتی مۆرفیمی بەندی لێکدەر و ڕاستەوخۆ بە یەکگرتنی هەردوو بەشی (تەواوکەر+ سەر) لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا یاسایەکی چالاک و بەرهەمدارە و لە بەرامبەریشدا دروستکردنی وشەی لێکدراو، لەسەر بنەمای یاسای (ب) و نموونەکانی ژمارە (١٤)، کە تیایدا (ڕەگی کردار) بەشی دووەمی وشەکە پێکهێنێت، ئەوا یاسایەکی کەمبەرهەم و ناچالاکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەش بڵێین، کە بەپێی نموونەکانی ژمارە (١٤) ئەو لێکدراوانەی، کە هەردوو کەرتی (تەواوکەر + سەر)، لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی لێکدەری /و- یان –ە- /ەوە لێکدراون، لە مۆرفیمە بەندە لێکدەرەکانی تری وەک: (بە، لە، ە، ...هتد) زۆر چالاکتر و بەرهەمدارترە، هاوکات ئەگەر سەبارەت بە چالاکیی و سستیی ئەو کەتیگۆرییانەی، کە بوونەتە تەواوکەری (بەشی یەکەم)ی وشە لێکدراوەکان، لەسەر بنەمای نموونەکانی (١٣، ١٤) بڕیاربدەین، ئەوا بە پلەی یەکەم کەتیگۆری ناو وەک (تەواوکەر) ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەو وشە لێکدراوانەدا هەیە، پاشان کەتیگۆرییەکانی ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار.**

**پ- ناو+ [ڕەگ + پاشگر] > وشەی لێکدراو[13]**

**١٥ أ- نوێژکەر، ڕاوکەر، یاریکەر، سەماکەر، قسەکەر، فشەکەر، کارکەر/کارەکەر، ناندەر، ڕەنجدەر، کۆڵنەدەر، گۆڵکەر، هەواڵدەر، ...هتد**

**١٦ ب- وشەسازی، دەنگسازی، فلیمسازی، ددانسازی، بیناسازی، چەخماخسازی، دارتاشی، سەوزەفرۆشی، میوەفرۆشی، پەیامنێری، دادخوازی، ...هتد**

**بەپێی نموونەکانی ژمارە (١٥ی أ و ب) و یاسای (پ) دەرکردەی یاسای (ناو + [ڕەگ + پاشگر] > وشەی لێکدراو)، دوو جۆر وشەیە، (١٥ی أ) ئەو وشانەن، کە پاشگری /-ەر/ بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکات و دەبنە (ناوی بکەری داڕێژراو)، بەڵام (١٥ی ب) ئەو وشانەن، کە پاشگری /-ی/ی ئەبستراکتیی بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکات و ناوی (ئەبستراکتیی داڕێژراو) ڕۆدەنێن.**

## ٢/١ -٤ بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا:

**وشەی داڕێژراو، هەروەک لە (١/٢-٢-٢)دا خستمانەڕوو، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی دروستەوە لە بناغەیەک و پێشگر، یان پاشگر، یان بناغەیەک و پێشگرێک و پاشگرێک پێکەوە پێکدێت، بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە:**

**یەکەم/ پێشگر + ڕەگ > وشەی داڕێژراو**

---

[13] نموونەکانی خاڵی (پ) و ژمارە (١٥ی أ)، لە ئێستای زمانی کوردیدا، بە تایبەت نموونەکانی: (نوێژکەر، یاریکەر، ...هتد)، وەک: وشەی داڕێژراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە فۆڕمی /-کەر/ وەک پاشگر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ئێمە بۆیە وەک وشەی لێکدراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، لەبەرئەوەی فۆڕمی /-کەر/ لە هەردوو مۆرفیمی (ڕەگی کردار)ی (کردن) و پاشگری /-ەر/ پێکهاتووە، واتە (کە + /-ەر/ > کەر)، هەروەها (ساز)، لە ڕەگی (سازان) + پاشگری /-ی/، لە فۆڕمی (سازی)دا، وەک: (فلیمسازی، ددانسازی)، هاوکات (دە)ی ڕەگی (دان) + پاشگری /-ەر/ > دەر، وەک: (ناندەر، ڕەنجدەر).

١٦- نەزان، بوێر، ببڕ، بخۆر، بوێژ، بەکێش، ڕاگر، پێنووس، پێخەف، تێچێن، بکوژ، هەڵڕێژ،

دووەم/ڕەگ + پاشگر> وشەی داڕێژراو

١٧- زانا، توانست، برندە، فڕۆکە، بەخشندە، دیدار، کێشانە، پێوەر، پرسگە، پاڵێوگە، کوشندە، ترسنۆک، ڕێژکە، تەقە، پرسە، زۆڵەک، کوڵەک، پۆشاک، خۆراک، ڕێژەن، ....هتد

سێیەم/ أ- پێشگر + ڕەگ + پاشگر> وشەی داڕێژراو

١٨ أ- بخۆر، بکەر، دابەستە، تێبینەر،نەزۆک، ...هتد

سێیەم/ ب- پێشگر + (ڕەگ + پاشگر) > وشەیەکی داڕێژراو

١٨ ب- نابینا، نادیدە،هاوکێشە، ...هتد

ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا، بەپێی یاساکانی (پێشگر+ ڕەگ)، (ڕەگ + پاشگر، (پێشگر + ڕەگ + پاشگر/ پێشگر + (ڕەگ+پاشگر)، کە لە نموونەکانی (١٦، ١٧، ١٨ی أ، ١٨ی ب)دا خراونەتەڕوو، ئەمەش لەسەر بنەمای نموونە وەرگیراوەکان، کە وەک: (نموونە: sample)ێک بۆ دەرخستنی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار سوودیلێوەرگیراوە وژمارەی وشەکان بریتین لە (١٤٧) وشە. بەپێی خشتەی ژمارە (٣) و ئاماری ژمارە (٣)، ڕەگەکانی: (زانین > زان، دیتن > دی، برین > بڕ)، لەڕووی بەبەرهەمیی و بەشداریکردنیان لە ڕۆنانی زۆرترین ڕێژەی وشەی داڕێژراودا لە پێش ڕەگەکانی ترەوەیە، چونکە هەریەکەیان بەشداریبان لە دارشتنی (٧ بۆ ٨) وشەی نوێدا کردووە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین لەسەر ئەو بنەمایە ئەو ڕەگانە بەبەرهەمن، هاوکات هەر لەسەر بنەمای هەمان داتا ڕەگەکانی: (گۆڕان > گۆڕ، چاندن > چێن، دان > دە، کوتان > کوت، بێشتن > بێژ، ....هتد)، لە ڕووی بەبەرهەمییانەوە بەهۆی ئەوەی کەمترین وشەی نوێیان داڕشتووە، کە هەریەکەیان (٢) وشەی ڕۆناوە، ئەوا ئەوڕەگانە کەمبەرهەمم و ناچالاکن.

هاوکات هەر بەپێی خشتەی ژمارە (٣) و ئاماری ژمارە (٣)، ڕەگی کردار لەگەڵ پاشگرەکاندا بەبەرهەمترە لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا وەک لەگەڵ پێشگرەکاندا، بۆ نموونە لە کۆی (١٤٧) وشە، کە وەک (نموونە – sample) بۆ کاری توێژینەوەکەمان وەرمانگرتووە، لەو ژمارەیە (١٠٤) وشەیان بەپێی یاسای (ڕەگ + پاشگر) داڕێژراون، کە بە ڕێژەی سەدیی دەکاتە (٧١%)دا، هاوکات (٣٠) وشەشیان بەپێی یاسای (پێشگر+ ڕەگ) ڕۆنراون، کە بەڕێژەی سەدیی دەکاتە (٢٠%)دا، ئەمە جگەلەوەی کە (١٣) وشەشیان بەپێی یاسای (پێشگر + ڕەگ + پاشگر) / (پێشگر + (ڕەگ + پاشگر)) داڕێژراون، کە دەکاتە (٩%)دا، لەمرووەشەوە خشتەی ژمارە (٤) و ئاماری ژمارە (٤) ڕاستی ئەم داتایانەمان بۆ دەخاتەڕوو.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە بەپێی ئەو داتایانەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراون، ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا زۆر بەبەرهەم و چالاکترە وەک لە داڕشتنی وشەی داڕێژراودا، ئەمەش لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو وشانەی کە لەم توێژینەوەیەدا وەک (نموونە:sample)ی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کارەکیی کاری لەسەرکراوە، کە لە کۆی (٧٤٥) وشە، (٥٩٨) وشەیان بە ڕێگەی لێکدان و (١٤٧) وشەشیان بە ڕێگەی (داڕشتن) ڕۆنراون، کە بەڕێژەی سەدیی ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا دەکاتە (٨٠.٢٦%)دا، بەڵام ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی

دارێژراودا دەکاتە (١٩.٧٣%)دا، لەمبارەیەوە بڕوانە خشتەی ژمارە (٥) و ئامار/چارتی ژمارە (٥) .

## ئەنجام

١- ڕەگی کردار، وەک مۆرفیمێکی بەندیی تەوەرەیی ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی لە هەردوو ئاستی سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا هەیە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا دەوری سەرەکیی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە، بە تایبەت لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا.

٢- زمانی کوردیی بۆ دروستکردن و ڕۆنانی وشە و زاراوە، لە هەردوو تەرزی وشەی لێکدراو و دارێژراودا توانیویەتی سودێکی گەورە لە ڕەگی کردارەکان وەربگرێت، بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەی.

٣- ڕەگی کردار زیاتر لەو وشە لێکدراوانەدا بەبەرهەمە، کە پەیڕەوی لە یاسای (تەواوکەر + سەر) دەکات، واتە بەبێ مۆرفیمی ناوبەند، بۆ پشتگیریی ئەم ئەنجامەش بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) و چارت/ئاماری ژمارە (٢).

٤- بەپێی ئەو داتایانەی، کە ئەم توێژینەوەیە وەک (نموونە:sample) سوودیلێوەرگرتووە، پاشگرەکان زیاتر لەگەڵ ڕەگی کردارەکاندا لەبارترن بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ، وەک لە پێشگرەکان، لەناو پاشگرەکانیشدا، بە پلەی یەکەم پاشگری /-ەر/ی ڕۆنەری ناوی بکەریی پاشگرێکی بەبەرهەمە، هاوکات لەناو پێشگرەکانیشدا، هەردوو پێشگری /دا-/، /نە-/، بەراورد بە پێشگرەکانی تر بەبەرهەمن، بۆ پشتگیریی ئەم ئەنجامەشمان بگەڕێوە بۆ خشتە و چارت/ئامارەکانی ژمارە (٣، ٤).

٥- ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا بەبەرهەمترە وەک لە ڕۆنانی وشەی دارێژراو، بە جۆرێک لەکۆی (٧٤٥) وشەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا، (٥٩٨) وشەیان بەڕێگەی لێکدان ڕۆنراون، کە دەکاتە لە (٨٠%) لەسەدی کۆی وشە وەرگیراوەکان، لە بەرامبەردا تەنها (١٤٧) وشەیان بە ڕێگەی دارشتن ڕۆنراون، کە دەکاتە نزیکەی لە (٢٠%) وشە ڕۆنراوەکان، لەمبارەیەوە خشتەی ژمارە (٥) و ئامار/چارتی ژمارە (٥) پشتڕاستکەرەوەی ئەم ئەنجامەیە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ بە زمانی کوردیی:

#### أ- کتێب:


١- ئازاد ئەحمەد حوسێن: (٢٠٠٩)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لەشێوەزاری هەورامیدا، چاپخانەی یاد، لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف: (٢٠١٤)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٣- سەلام ناوخۆش: (٢٠١٨)، لە بارەی مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس و مۆرفۆسێنتاکس، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٤- سەلام ناوخۆش: (٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی –هەولێر.

٥- محەمەدی مەحوی: (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم – زانکۆی سلێمانی.

٦- ویدۆوسن: (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، و. هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی –دهۆک.

ب- نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

٧- ئاریان سدیق عەزیز: (٢٠٢٠)، ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

٨- سازان زاهیر سەعید: (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان –زانکۆی سلێمانی.

٩- شێرکۆ حەمە ئەمین: (٢٠٠٢): مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان –زانکۆی سلێمانی.

١٠- مستەفا ڕەزا مستەفا: (٢٠١٩)، پۆلێنکردنی مۆرفیمەبەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

١١- نەرمین عومەر: (٢٠١٠)، بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

پ- گۆڤار:

١٢- محەمەد عومەر عەول: (٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجی خوارووودا- ، گۆڤاری کۆردۆلۆجی، ژمارە (٣)، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

١٣- دلێر صادق کانەبی و سامی حوسێن قادر:(٢٠١٨)،بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (١) ژمارە (٢)، زانکۆی سۆران.

دووەم/ بە زمانی ئینگلیزیی:

14- Baure: (1983), English Word – Formation, Cambridge University Press.

15- Baure: (2004), Morphological Productivity, First Edition, Cambridge University Press.

16- Lieber: (2009), Introducing Morphology, First Published, Cambridge University Press – New York.

سێیەم/ سەرچاوەی نموونەکان:

١- ئەورەحمانی حاجی مارف: (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی پێنجەم (کردار)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات –هەولێر.

٢- شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە –هەولێر.


**خشتەی (١) ڕێژەی بەشداری ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا**

| تاف | ڕێژە | | | لۆژیک | | | دەمکات | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕابردوو | داهاتوو | هەواڵی | دانانی | فەرمانی | ئەرێ | نەرێ | ڕ.ا.ڕووت | ڕ.ا.تەواو | ڕ.ا.بەردەوام | ڕ.ا.دوور |
| **خوارد** | دەخوات | خوارد | خواردبا | بخۆ | خوارد | نەخوارد | خوارد | خواردووە | دەخوارد | خواردبوو |
| **هات** | دێت | هات | هاتبا | وەرە/بێ | دێت | نایات | هات | هاتووە | دەهات | هاتبوو |

| ناوی کرداری/چاووگ | ڕەگی کردار | ژ. وشەی لێک بەبێ م. بەندی لێکدەر | ژ. وشەی لێک بەهۆی م. بەندی لێکدەرەوە | ژمارەی وشە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|---|---|
| **گرتن** | گر | ٤٣ | ٠ | ٤٣ | %٧.١٩ |
| **برین** | بڕ | ٢٥ | ٥ | ٣٠ | %٥ |
| **خواردن** | خۆ/خۆر | ٢٩ | ٠ | ٢٩ | %٤.٨٤ |
| **ڕۆیشتن** | ڕۆ/ڕەو | ١٦ | ٨ | ٢٤ | %٤ |
| **پێچان** | پێچ | ٢٠ | ٣ | ٢٣ | %٣.٨٤ |
| **فرۆشتن** | فرۆش | ٢٢ | ٠ | ٢٢ | %٣.٦٧ |
| **کێشان** | کێش | ٢١ | ٠ | ٢١ | %٣.٥٠ |
| **کردن** | کە | ٢٠ | ٠ | ٢٠ | %٣.٣٤ |
| **نوسین** | نوس | ١٧ | ٠ | ١٧ | %٢.٨٤ |
| **سازان** | ساز | ١٦ | ٠ | ١٦ | %٢.٦٧ |
| **بێشتن** | بێژ | ١٢ | ٢ | ١٤ | %٢.٣٤ |
| **گێڕان** | گێڕ | ١٣ | ١ | ١٤ | %٢.٣٤ |
| **ڕشتن** | ڕێژ | ١١ | ٢ | ١٣ | %٢.١٧ |
| **بردن** | بە | ١٢ | ١ | ١٣ | %٢.١٧ |
| **ناسین** | ناس | ١٣ | ٠ | ١٣ | %٢.١٧ |
| **کوتان** | کوت | ١٠ | ٢ | ١٢ | %٢ |
| **بەستن** | بەست | ١٢ | ٠ | ١٢ | %٢ |
| **پۆشین** | پۆش | ١٢ | ٠ | ١٢ | %٢ |
| **فڕین** | فڕ | ٤ | ٧ | ١١ | %١.٨٣ |
| **ژەنین** | ژەن | ١١ | ٠ | ١١ | %١.٨٣ |
| **چنین** | چن | ٩ | ١ | ١٠ | %١.٦٧ |
| **پەرستن** | پەرست | ١٠ | ٠ | ١٠ | %١.٦٧ |
| **خواستن** | خواز | ٧ | ٢ | ٩ | %١.٥٠ |
| **مژین** | مژ | ٩ | ٠ | ٩ | %١.٥٠ |


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دروون | دروو | ٩ | ٠ | ٩ | %١.٥٠ |
| ئێشان | ئێش | ٩ | ٠ | ٩ | %١.٥٠ |
| دان | ده | ٨ | ٠ | ٨ | %١.٣٣ |
| زانین | زان | ٨ | ٠ | ٨ | %١.٣٣ |
| کوشتن | کوش/کوژ | ٧ | ١ | ٨ | %١.٣٣ |
| پرسین | پرس | ٤ | ٤ | ٨ | %١.٣٣ |
| شکاندن | شکێن | ٢ | ٥ | ٧ | %١.١٧ |
| زاین/زان | زێ | ٥ | ٢ | ٧ | %١.١٧ |
| ژماردن | ژمێر | ٦ | ٠ | ٦ | %١ |
| شۆردن/شوشتن | شۆ/شۆر | ٥ | ١ | ٦ | %١ |
| بینین | بین | ٦ | ٠ | ٦ | %١ |
| گەڕان | گەڕ | ٥ | ٠ | ٥ | %٠.٨٣ |
| تاشین | تاش | ٥ | ٠ | ٥ | %٠.٨٣ |
| پاراستن | پارێز | ٥ | ٠ | ٥ | %٠.٨٣ |
| خەوتن | خەو | ٤ | ٠ | ٤ | %٠.٦٦ |
| ماڵین | ماڵ | ٤ | ٠ | ٤ | %٠.٦٦ |
| هاویشتن | هاوێژ | ٤ | ٠ | ٤ | %٠.٦٦ |
| هارین | هاڕ | ٤ | ٠ | ٤ | %٠.٦٦ |
| گوتن | گۆ | ٣ | ١ | ٤ | %٠.٦٦ |
| ڕستن | ڕێس | ٢ | ٢ | ٤ | %٠.٦٦ |
| وەشاندن | وەشێن | ١ | ٣ | ٤ | %٠.٦٦ |
| کڕین | کڕ | ٤ | ٠ | ٤ | %٠.٦٦ |
| لەرزین | لەرز | ٠ | ٤ | ٤ | %٠.٦٦ |
| شێلان | شێل | ٤ | ٠ | ٤ | %٠.٦٦ |
| گۆڕان | گۆڕ | ٣ | ٠ | ٣ | %٠.٥٠ |
| خستن | خە | ٣ | ٠ | ٣ | %٠.٥٠ |
| ناردن | نێر | ٣ | ٠ | ٣ | %٠.٥٠ |
| خوێندن | خوێن | ٢ | ١ | ٣ | %٠.٥٠ |
| پێوان | پێو | ٣ | ٠ | ٣ | %٠.٥٠ |
| خشان | خش | ٣ | ٠ | ٣ | %٠.٥٠ |
| وەڕین | وەڕ | ١ | ٢ | ٣ | %٠.٥٠ |
| دڕین | دڕ | ٣ | ٠ | ٣ | %٠.٥٠ |
| دزین | دز | ٣ | ٠ | ٣ | %٠.٥٠ |
| چاندن | چێن | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| پاڵاوتن | پاڵێو | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| ڕەواندن | ڕەوێن | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| بژاردن | بژێر | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| کوڵان | کوڵ | ١ | ١ | ٢ | %٠.٣٣ |
| تۆقین | تۆق | ٠ | ٢ | ٢ | %٠.٣٣ |
| بێژان | بێژ | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **دۆشین** | دۆش | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| **نان** | نێ | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| **ناڵین** |ناڵ | ١ | ١ | ٢ | %٠.٣٣ |
| **لێستن** | لێس | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| **تەقین** | تەق | ٢ | ٠ | ٢ | %٠.٣٣ |
| **تەقاندن** | تەقێن | ١ | ١ | ٢ | %٠.٣٣ |
| **تێکڕا** | | ٥٣٣ | ٦٥ | ٥٩٨ | %١٠٠ |




| ڕێژەی سەدیی | ژمارەی نموونەی وەرگیراو | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| %٨٩.١٣ | ٥٣٣ | وشەی لێکدراو بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر |
| %١٠.٨٦ | ٦٥ | وشەی لێکدراو بە یارمەتی مۆرفیمی بەندی لێکدەر |

**خشتەی (٢) ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا، بەبێ یارمەتی مۆرفیمی بەند و بەیارمەتی مۆرفیمی بەندی لێکدەر**





**خشتەی (٣) ڕێژەی بەشداری ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا**

| ناوی کرداری/چاووگ | ڕەگی کردار | وشەی ڕۆنراو بەهۆی پێشگرەوە | وشەی ڕۆنراو بەهۆی پاشگرەوە | وشەی ڕۆنراو بەهۆی جەمسەرگرەوە | ژ.وشە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **زانین** | زان | نەزان، لێزان | زانا، زانیار، زانایی، زانەر، زانست، زانیاری | - | ٨ | %٥,٤٤ |
| **دیتن** | دی | هاودید، نادید | دیدار، دیدە، دیار، | نادیار، نەدیدە/دیتە، نادیدە | ٨ | %٥,٤٤ |
| **بڕین** | بڕ | ببڕ، نەبڕ، دابڕ | بڕگە، بڕەر، بڕندە، بڕەک | - | ٧ | %٤,٧٦ |
| **فڕین** | فڕ | - | فڕۆکە، فڕندە، فڕۆک، فڕکە، فڕکان، فڕگە | - | ٦ | %٤,٠٨ |
| **خواردن** | خۆ/خۆر | بخۆر، پێخۆر | خۆراک، خۆرشت، خورێنی | - | ٥ | %٣,٤٠ |
| **بینین** | بین | - | بینەر، بینا، بینایی | نابینا، تێبینەر | ٥ | %٣,٤٠ |
| **پێچان** | پێچ | بەپێچ | پێچکە،پێچک، پێچەوانە،پێچەک، | - | ٥ | %٣,٤٠ |
| **خشان** | خش | - | خشۆک، خشندە، خشکەیی، خشە، | - | ٥ | %٣,٤٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کێشان | کێش | بە کێش، هاوکێش، | خشکە، کێشە، کێشانە، | هاوکێشە | ٥ | %٣,٤٠ |
| پرسین | پرس | - | پرسا، پرسگە، پرسە، پرسانە، پرسیار | - | ٥ | %٣,٤٠ |
| بەستن | بەست | - | بەستەر، بەستەنی، بەستەڵەک | دابەستە | ٤ | %٢,٧٢ |
| گرتن | گر/گیر | ڕاگر، بەگیر، وەرگر | گیرگە | - | ٤ | %٢,٧٢ |
| نووسین | نووس | پێنووس، بنووس، | نووسەر، نووسیار | - | ٤ | %٢,٧٢ |
| خواستن | خواز | - | خوازە، خوازگار، خوازبێنی، | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| پۆشین | پۆش | - | پۆشاک، پۆشتە، پۆشەر | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| کوشتن | کوش/کوژ | بکوژ | کوژەر، کوشندە، | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| پاڵاوتن | پاڵێو | - | پاڵێوگە، پاڵێوەر، پاڵێوراو | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| گەڕان | گەڕ | - | گەڕیدە، گەڕۆک، گەڕاڵ | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| بەخشین | بەخش | - | بەخشەر، بەخشندە، بەخشش | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| توانین | توان | - | توانا، توانست | بێ توانا | ٣ | %٢,٠٤ |
| ناسین | ناس | پێناس، نەناس | ناسیار | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| ڕزین | ڕز | - | ڕزەک، ڕزۆڵ، ڕزۆک، | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| ترسان | ترس | نەترس | ترسنۆک، ترسناک | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| ژماردن | ژمێر | - | ژمێرە، ژمێریار، ژمێریاری | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| ڕشتن | ڕێژ | هەڵڕێژ | ڕێژەن، ڕێژگە | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| پاراستن | پارێز | - | پارێزگە، پارێزگار، پارێزەر | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| لەوەڕاندن | لەوەڕ | لالەوەڕ، لێڕەوار | لەوەڕگە | - | ٣ | %٢,٠٤ |
| زاین/زان | زێ | - | زۆڵ، زۆڵەک | نەزۆک | ٣ | %٢,٠٤ |
| تەقین | تەق | - | تەقە، تەقەمەنی | - | ٢ | %١,٣٦ |
| پێوان | پێو | - | پێوەر، پێوانە | - | ٢ | %١,٣٦ |
| ماڵین | ماڵ | - | ماڵە، ماڵنج | - | ٢ | %١,٣٦ |
| نوسان | نوس | - | نوسەک، نوسەکە | - | ٢ | %١,٣٦ |


| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڵان | کوڵ | - | کوڵەک | نەکوڵەک | ٢ | %١,٣٦ |
| وەستان | وەست/وێس | پەیوەست | وێستگە | - | ٢ | %١,٣٦ |
| چەشتن | چێژ | - | چێژەر، چێژبڕکێ | - | ٢ | %١,٣٦ |
| خەوتن | خەو | پێخەف، بێخەو | - | - | ٢ | %١,٣٦ |
| گۆڕان | گۆڕ | بگۆڕ | گۆڕەر | - | ٢ | %١,٣٦ |
| پەرستن | پەرست | - | پەرستگە، پەرستش | - | ٢ | %١,٣٦ |
| دان | دە | - | - | بەدەر، لێدەر | ٢ | %١,٣٦ |
| چاندن | چێن | تێچێن | چێنەر | - | ٢ | %١,٣٦ |
| سازان | ساز | - | سازگار، سازندە | - | ٢ | %١,٣٦ |
| ژیان | ژی | - | ژیار، ژیاری | - | ٢ | %١,٣٦ |
| بێشتن | بێژ | بوێژ | بێژەر | - | ٢ | %١,٣٦ |
| کوتان | کوت | - | کوتەک | پێکوتە | ٢ | %١,٣٦ |
| تێکڕا | ٣٠ | | ١٠٤ | ١٣ | ١٤٧ | %١٠٠ |

ئاماری (٣) ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا




**خشتەی (٤) ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا، بەیارمەتی هەندێک مۆرفیمە بەندە داڕێژەرەکان.**

| وشەی داڕێژراو | ژمارەی نموونەی وەرگیراو | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| وشەی داڕێژراو بەپێی یاسای (ڕەگ + پاشگر) | ١٠٤ | %٧٠,٧٤ |
| وشەی داڕێژراو بەپێی یاسای (پێشگر + ڕەگ) | ٣٠ | %٢٠,٤٠ |
| وشەی داڕێژراو بەپێی یاسای (پێشگر + ڕەگ +پاشگر)/ (پێشگر + (ڕەگ + پاشگر))) | ١٣ | %٨,٨٤ |




**خشتەی (٥) ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراو و داڕێژراودا**

| ڕێگەکانی ڕۆنانی وشە بەهۆی ڕەگی کردارەوە | ژ.وشە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا | ٥٩٨ | %٨٠,٢٦ |
| بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە دروستکردنی وشەی داڕێژراودا | ١٤٧ | %١٩,٧٣ |
| تێکڕا | ٧٤٥ | %١٠٠ |




ئاماری (٥) ڕێژەی بەبەرهەمیی ڕەگی کردار لە ڕۆنانی وشەی لێکدراو و داڕێژراودا